گیانی خۆی لە پێناو وەرگرتنەوەی کوڕەکەی بەخت دەکات

تکاو پاڕانەوە بەردەوامەکانی ئومێد بۆ بینینەوەی منداڵە تەمەن ٤ ساڵەکەی هیچ سوودێکی نەبوو، کاتێکیش گەیشتە ترۆپکی نائومێدی، تاوانێکی ئەنجامداو ٤ چەقۆی لە ژنە چیکیەکەی داو، ماڵی باوکیشی سووتاند، کە بووە هۆی مردنی خۆی. ئەو ڕوورداوە شارۆچکەی کیرسلی بەریتانیای هەژاند. ئومێد حەمە سەعید، ٣٢ ساڵ، خەڵکی هەڵەبجەی شەهید، ١٠ساڵ لەمەوبەر ڕێگەی ئەوروپای گرتەبەر و لە بەریتانیا گیرسایەوە،بەهۆی بێ پاسپۆرتی نەیتوانی یەک جاریش بگەڕێتەوە کوردستان و سەردانی خزم و کەسەکانی خۆی بکات.

پێنج ساڵ لەمەوبەر ئومێد لەگەڵ کچێکی بە ڕەگەز چیکی بەناوی هیلکۆ، ژیانی هاوسەری پێکهێنا و منداڵێکیان بوو، ناویان نا (شەهریار)، بەڵام نەگونجان لێکی جیاکردنەوەو شەهریار کەوتە لای دایکی.

ئیحسان حەمە سەعید، برا بچووکی ئومێد دەڵێ "براکەم بێ ئەندازە هۆگری کوڕەکەی بوو"، وەک ئیحسان باسیکرد، کێشەکانی ئومێد بەجیابوونەوەی هاوسەرەکەی دەستیان پێکرد، کاتێک هیلکۆ شەهریار لەگەڵ خۆی دەبات و دەچێتە شوققەیەکی دیکە

براکەی دەڵێ:"چەندین جار لەگەڵ هیلکۆ قسەی دەکرد و داوای لێدەکرد ڕێگەی پێ بدات شەهریار ببینێ، بەڵام ئەو ڕێگەی نەدەدا." ئیحسان جارێک بۆخۆی ناچار بووە لە کوردستانەوە تەلەفۆن بۆ هیلکۆ بکات. ئیحسان دەڵێ: قسەم لەگەڵ هیلکۆ کرد، داوام لێکرد یان ڕێگە بەئومێد بدات کوڕەکەی ببینێ، یان پۆلیس ئاگادار بکاتەوە، تا کەسیان تووشی کێشە نەبن، بەڵام بەقسەی نەکردم.

ئومێد حەمە سەعید، لە شارۆچکەی کیرسلی سەر بە شاری مانچستەری بەریتانیا، سەرتاشخانەی هەبوو، تاوەکو ساڵێک لەمەوبەریش بەهۆی شەهریارەوە خۆی بەبەختەوەرترین کەسی سەر زەوی دادەنا.

ئیحسان دەڵێ "چەند جارێک ئەوەی بە هاوڕێکانی گوتووە". بەڵام بەهۆی کەڵەکەبوونی کێشەکانی لەگەڵ هیلکۆی هاوسەری، واز لەکارەکەی دێنێ و خۆی دەداتە دەست ژیانی گۆشەگیری و لەگێژاوی بیرکردنەوەدا، هەمیشە بۆ چارەنووسی شەهریار دەگەڕێ و دەگرێ. لەو دواییانەدا کە قسەی لەگەڵ دەکردین بەتەواوی ڕووخابوو، هەمیشە دەیگوت، ئەگەر خۆم کوشتبێ هەر دەبێت ئەو منداڵە وەربگرمەوە.

ئیحسان لە گێڕانەوەی چیرۆکی دڵتەزێنی براکەیدا دەڵێ هەرچەند ئومێد کێشەی لەگەڵ هیلکۆ هەبووە، بەڵام قەت باسی نەدەکرد کە نێوەڕۆکی کێشەکەیان چییە" تەنها دەیگوت پێکەوە ناگونجێین و هیچ بەقسەی من ناکات و وەک ئافرەتێکی ئەوروپی هەڵسوکەوت دەکات و منیش ئەوەم پێ قبوڵ ناکرێ

بەپێی گێڕانەوەی براکەی، دوای بێ سوودی هەڵڕشتنی تکاکانی لە بەردەم هیلکۆدا، ئومێد دەگاتە ئەوپەڕی ڕەشبینی و بڕیارێکی ترسناک دەدات. بڕیاریداوە ئەگەر بەشەڕیش بێت منداڵەکەی بەدەست بێنێتەوە، بۆیە ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٤ چەقۆیەک هەڵدەگرێت و دەچێتە ماڵی باوکی هیلکۆ کە لەوێ بووە. دوای ئەوەی ٤چەقۆ لە هیلکۆ دەدات، ئاگر لە ماڵەکە بەردەدات. بەڵام هیلکۆ بەبرینداری دەچێتە دەرەوەو دەرگە لەسەر ئومێد دادەخات، بەوشێوەیە ئومێد دەسووتێ و گیان لەدەستدەدات. تاقان عەبدولکەریم، ژنی برای ئومێد، چەند جار قسەی لەگەڵ ئومێد کردووەو داوای لێکردووە ئارام بێت و بەهێزتر بێت لەکێشەکانی، ئەو دەڵێ: "دەمانگوت هەوڵبدە دڵی هیلکۆ بەدەست بێنیەوەو کێشەکەی لەگەڵ چارەسەر بکەی، بەڵام دیاربوو هیلکۆ زۆر ئازاری دەدا"، لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا ئومێد بە تاقانی گوتووە "من دەمەوێ منداڵەکەم ببینمەوە، پێمدەڵێ وەرە بیبە بۆ پارک، کە دەچم دەرگەو تەلەفۆن دادەخات و لە ماڵ نییە"

پرسەی ئومێد تەواوبووە، بەڵام تاوەکو ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە هێشتا تەرمی ئومێد نەگەیشتووەتەوە کوردستان. لەنێو پرسەکەدا، دایکی ئومێد وێنەیەکی ئومێد و شەهریاری هەڵگرتبوو، کە ئومێد بۆی ناردووەتەوە. ئەو هێندە گریابوو هێزی قسەکردنی تێدا نەمابوو.

بەگوێرەی گێڕانەوە، ئەو شەوەی ئومێد چووەتە سەر ماڵی هیلکۆ، ماوەی ٤ کاژێر قسەی لەگەڵ ئارامی ئامۆزای کردووە، ئارام دەڵێ، لەکاژێر هەشتی شەوەوە تاوەکو ١٢ی شەو لێی پاڕامەوە لەسەرخۆ بێت و بیر لە کاری خراپ نەکاتەوە "بەردەوام دەیگوت من بەبێ ئەو منداڵە ناتوانم بژیم". هەروەها لە درێژەی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا بەئارامی گوتووە "باشترین چارەسەر بۆ هەر کەسێک کە کێشەی هەبێت، مردنە"، بەڵام ئارام بەڵێنی لێوەرگرتبوو کە ئارامبگرێ و دەست بە ژیان بکاتەوە " بەڵام دیارە نەیتوانیوە ئەوە بکات و بەتەواوی نائومێد بووە.

هێشتا پۆلیسی بەریتانی لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە دەکەن و وردەکارییەکانی ڕوون نین، بەڵام وەک کەسوکاری ئومێد باسیدەکەن، جگە لە ئازاری قورسی مەرگی کوڕەکەیان کە ماوەی ١٠ساڵ بوو نەیانبینیبوو، ئێشی پڕ سوێی شەهریاری کوڕی ئومێدیش دایگرتوون. ئەو کاتەی ئومێد چووەتە سەر هیلکۆ و چەقۆکانی لێداوە، شەهریار لە باخچەی ساوایان بووەو ڕووداوەکەی نەبینیوە. وەک تاقان عەبدولکەریم دەڵێ "هێشتا هیلکۆ لە ژیاندا ماوە، بەڵام برینەکەی سەختە".

ئومێد نەیتوانی کوڕەکەی ببینێتەوە، بەداخەوە لەپێناویدا خۆی کوشت، کەچی ئێستا خەمی دەستکەوتنەوەی شەهریار بووەتە خەمێکی ئاڵۆز بۆ ئەو خێزانە لە کوردستان و دەیانەوێ حکومەت و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان هاوکاریان بکەن لە بەدەست هێنانەوەی شەهریاردا .

هێرش ئیبراهیم، هاوڕێی نزیکی ئومێد، کە لەگەڵ ئومێد پێکەوە چوونەتە بەریتانیا، دەڵێت چەند جارێک بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ ئومێد کردووە "هەر جارێک قسەم لەگەڵ کردبێ، دەیگوت ئەو منداڵەم بەقەدەر هەموو دونیا خۆشدەوێ، بەڵام کێشەکە لەوەدابوو منداڵەکە بەناوی ژنەکەیەوە بوو، بۆیە ئەو نەیدەتوانی بە ڕێگەی یاسایی کار بۆ وەرگرتنەوەی بکات."

سەرچاوە: سەربەست کۆم

تێبینی: ئەم چیرۆکە لەلایەن کەسێکی دیکەوە بۆ هەفتەنامەی ڕۆژی گەل ڕەوانە کرابوو، هەندێک وردەکاری دیکەشی تێدابوو، بەڵام وێنەی لەگەڵ دانەبوو، هەروەها کاتێک بینیمان لە ماڵپەڕی سەربەست دا بڵاو کراوەتەوە، بە پێویستمان زانی هەر لەوێ وەیبگرین و ئاماژەش بە سەرچاوەکەی بکەین.

وڵاتی یەک ملیۆن بێوەژن

ئەگەر جەزائیر بە وڵاتی یەک ملیۆن شەهید و مۆریتانیا بە وڵاتی یەک ملیۆن شاعیر ناسراو بن ئەوا لەم ڕۆژانەدا ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی باسی لەوە کردووە کە یەک ملیۆن بیوەژن و چوار ملیۆن منداڵی بێ باوک لە عێراقدا هەیە ، کە کۆی ئەو بێسەرپەرشتانە دەکاتە یەک لەسەر شەشی کۆی دانیشتوانی عێراق.

هەرچەندە جەنگ لە پێناسەکەیدا هەڵگری پەیامی خاپور کردن و وێرانکردن و خوێنڕشتنە بەڵام عێراق بۆ خۆی لە جەنگ و ڕووداو و کارەساتە مەینەتبارەکاندا پشکی شێری بەرکەوتووە زەمەنێکە لە شەڕوشۆڕ و کوشتار نەبووەتەوە ، ئەم بەڕۆک پێ گرتنەی شەڕە پێشینەیەکی کۆنی هەیە لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ خاکی میزۆپۆتامیا گۆڕەپانی ڕمبازێ و شەڕ و قڕکردن بووە ، ئەوەی جەنگ لە چەند کاتژمێرێکدا کاولی دەکات عەیامێکی دەوێت تاکو دووبارە وەکو خۆی بنیات بنرێتەوە ، ئەو قەدەرانەی جەنگ دەیقەومێنێ ساریژکردنی کارێکی سانا نییە ، ئەگەرچی جەنگ سەری ئەو کەسانەی نەخواردبێ بەڵام کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر دروستکردوون تاکو سەر ئێسک و پروسک ڕۆچووە پێیەوە دەناڵێنن ، جەنگ ڕەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و کەلتووری و فەرهەنگی کۆمەڵگە هەیە ، دوای جەنگ لایەنە نێگەتیڤ و نەرێکانی زیاتر دەردەکەوێ و کاریگەری لەناو هەناوی کۆمەڵگەدا هەیە.

هەرچەندە بارودۆخ و هەلومەرج بە گشت مەغزا و ڕەهەندەکانییەوە کاردانەوەی جدی و ڕاستەوخۆی لەسەر ئەو بێ شومارییەی ژمارەکانی بێوەژن بوون هەیە کە ڕێژەی تەڵاقدان بەرز بووتەوە و ساڵ لە دوای ساڵ کێرڤەکەی ڕوو لە بەرز بوونەوەیە، وەلێ کۆڵگە و بڕبڕە پشتی زیاد بوونی ژمارەکە دەگەڕێتەوە بۆ زۆروزەبەندی ئەو جەنگ و شەڕە ناوخۆی و دەرکییانەی کە دەستەویەخەی خەڵکی عێراق بووەتەوە.

جگە لەو هەموو کۆلەمەرگی و بێدەرتانی و دەردەسەری و بێوەژن کۆشیانەی کە بەڕۆکی ملیۆنێک ئینسانی ئەم وڵاتەی گرتووە ، تێڕوانینی بەشی هەرە زۆرینەی باقی کۆمەڵگە بە چاوێک کەمتر و ئاستێکی نزمتر لە بوونی خۆیان تەماشای بێوەژن دەکات کە لە ڕووی دەروونی و سایکۆلۆژییەوە جەنگێکی دەروونی لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانی کۆمەڵگە بەرپا دەکات ، پێویستە بزانین کەم نین ئەوانەی ئەو هەموو هەناسە ساردانەی بۆ قەدەرەکانی ژیان هەڵدەکێشن و زۆرن ئەوانەی چەپۆکی ڕۆژگار قەڵاخی ڕەشپۆشیانی کردووە و بزە و خەندە لە سیما و ڕووخساریاندا تۆراوە و باری کردووە ، کەم نین ئەوانەی دەست و لاقیان لە جەنگدا پەڕیوە یان ئەندامێکی جەستەیان لە دەست داوە زۆرن ئەوانەی جەنگ کردوویانیەتییە خەڵکێکی چاو لەدەست و هەژار. هەق وایە پیاوانی ئاینی و دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵ بدەن بۆ هەتوان کردنی ئەو برینانەی کە ملیۆنیک مرۆڤی ئەم وڵاتە دووچاری بوونە هاوتەریب باشتر کردنی بژێوی چوار ملیۆنەکەی دیکە . ئاوڕدانەوە لەو بەش مەینەت و سیاچارانە بۆ چاککردنی باری گوزەرانیان و زامنکردنی ئایندەیان ئەرکێکی مرۆڤدۆستانە و ئەخلاقیانەی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانە ، چونکە سەرباری ئەوەی ڕاژەیەکی سەر شانی خۆی جێبەجێ دەکات بنبڕی زۆر لە دیاردە نەشیاو و ناپەسەند و نابەجێیەکانی کۆمەڵگای عێراقی دەکات.

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin2008@yahoo.com

پاشماوەی لاپەڕە ٦

بەڵام بەرلەمە فیلیپ گوردون، بەرزترین دیپلۆماتی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە کاروباری ئوروپادا، سێ حەفتە پێش لە وتوویژێکدا لە تەک ئاسۆ شەیتێد پریس وتبووی کە نەخشی تورکیە لە ئاڵۆزی ئەم دواییەی ناوچەو " پشتیوانی لە ئێرانو پشتکردنە ڕۆژئاواو هۆکاری کەشتی تورکیە؛ "ناوی مەرمەر"، ئەرێنی نیەو گەر تورکیە خوازیاری هاوکاری بێت لە گەڵ ناتۆدا دەبێ پەیمانو باوەڕی خۆی سەرلە نوێ بۆ ڕۆژئاوا بسەلمێنێت.

بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی کۆنگرەی ئامریکا مانگی ژوئن داوایان لە دەوڵەتی ئۆباما کرد بوو کە لە مەڕ ڕووداوەکەی کەشتی ماوی مەرمەرە، لە ئیسرائیل پستیوانی بکاتو کەم نەبوون ئەو سەناتۆرە خاوەن نفوزانەی ئامریکا کە دەیانوت؛ " تورکیە بێدەنگ دەکەنو کپی بکەنەوە".و سەرانی تورکیە لەو بارەوە ئەو هەڵوێستەی ئامریکایان بە دژی بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان زانیو ترسیان لی نیشت .

هەرچەند تورکیە بووەتە ئەندامی ناتۆ، بەڵام هەوڵو تێکۆشانی لەمێژینەی ئەو وڵاتە بۆ بە ئەندامبوونی لە ئۆرووپای یەکگرتوودا بووە،و بە ئاکام نەگەیشتنی تا ئیستا بووەتە هۆی لۆمەی زۆربەی دانیشتووانی تورکیە، کە ئەوە بە بێ ڕێزی بە فەرهەنگو مێژوو گەلی تورکیە دەزانن.

هەر لەم بارەوە وێڕای ئەوەی کە نزیکەی قەڕنێکە لە هەوڵو تێکۆشانی کەماڵ ئەتاتورک بۆ دووریگرتنی ئاین لە حکوومەتو گەشەپێدانی حکوومەتی سیکولار، کە چی هەستی ئیسلامخوازی لە تورکیە لە ناوەندی دەیەکانی هەشتای ز. پەرەی سەندووە.

ئەو بیرۆکەیەی کە ڕۆژئاوا ویستی بە هێنانی بەشێکی زۆر لە خەڵکی تورکیە بۆ ئاڵمانو وڵاتانیتری ئۆرووپاو گوایا کاریگەربوونیان لە سەر کۆمەڵگای تورکیەو ڕاکێشانی بۆ وەرگرتنی فەرهەنگی ڕۆژئاواوو دوورکردنەوەی گەلانی تورکیە لە ئیسلامی سیاسی، هەڵە بووو پێچەوانە لە ئاو دەرهات .

بەڵام تورکیە هاوکات بەو خوتە ژیرانەی کە وڵاتەکەی کردبووە پردێکی پێوەندی فەرهەنگی لە نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا، ببووە هۆی گەشەی بازرگانی وڵاتێک کە داهاتو بنمایەکی ئابووری وای نەبوو، یان تەنانەت ناوبژیوانیی نیوان ئیسرائیل- سووریەی وە ئەستۆ گرتبوو کە هەم دەیویست لە تورەکە بخواتو هەم لە ئافڕ " ئاخور ".

سەرچاوە: ڕادیۆ فردا

ڕۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات
خاوەنی ئیمتیاز: ڕێکار ئەحمەد.. ژمارەی تەلەفۆن:٠٧٥٠١١٩١٤٩٧
سەرنووسەر: حوسێن حەسەن .. ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٤٧١٦٣١
www.rojigel.com rojiigel@hotmail.com

هەولێر
گەڕەکی ڕزگاری
شەقامی شەست مەتری
نزیک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە
٠٧٥٠١١٧٩٨٤٦

سلێمانی
گەڕەکی ڕزگاری
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکی
٠٥٣٢١٩٢٥٦

کەرکوک
گەڕەکی شۆرجە
بەرانبەر فێرگەی
شۆرجەی کچان
٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

ڕانیە
گەڕەکی ڕەشەمێرگ
بەرانبەر بارەگای
پێشمەرگەدێرینەکان
٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥